وەزیری نەوتی ئێران رایگەیاند: "تەقینەوەکانی بەرەبەیانی ئەمڕۆی ئێران هەرشی تیرۆرستی بوون"



وەزیری نەوتی ئێران ئاشکرایکرد، تەقینەوەکانی بەرەبەیانی ئەمڕۆی وڵاتەکەی، هەرشی تیرۆرستی بوون.

جەواد ئوجی وەزیری نەوتی ئێران رایگەیاند: "ئەو تەقینەوانەی بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە یەکێک لە تەڵەکانی هێڵی گواستنەوەی گاز لە سەر ناوچەی پارێزگای فارس رووياندا، هەرشی تیرۆرستی بوون".

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئامادەکاریان کردبوو بۆ هەر ئۆگرێکی نەخوازراوی هاوشێوە، بەڵێ لەکاتی رووداوەکەی ئەمڕۆدا بە زووی رووبەڕووی بوونەوە".

شایەنی باسە تاوەکو ئێستا هیچ گروپ و لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لە تەقینەوەکانی ئەمڕۆی ئێران رانەگەیاندووە.

بەرەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە (14ـی شوباتی 2024)، هێڵێکی بڕی گازی ئێران لە نزیک شاری بوروگن لە سنووری پارێزگای چوارمەحاڵ تێقیوتەوە.